سەید حەکیم و خەزعەلی گرنگی خێراکردن لە دامەزارندنی حکومەتێکی بەهێز و کارامە و پاڵپشتی ئاگربەسێکی هەمیشەیی دووپات دەکەنەوە



بەرێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەنووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەرێز شیخ قەیس ئەلخەزعەلی ئەمینداری گشتی رەوتی عەسائیبی ئەهلی هەقی کرد.

هەردوولا باسی پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکەیان کرد و دووپاتیان کردەوە کە پێویستە خێرا بکرێت لە پێکهێنانی حکومەتدا و لە دانانی بەرنامەیەکی حکومی کە چارەسەری ڕکابەرییەکانی عێراقی لەم قۆناغە و قۆناغی داهاتووشی لەخۆوە گرتبێت.

هەروەها هەردوو لا دووپاتیان کردەوە کە پێویستە حکومەتی داهاتوو بەهێز و کارامە بیت و لەسەر ڕێرەوی خزمەتگوزاری بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بەرنامەکەی سوودانی دەستیپێکرد پتەوتری بکات و تەواوی بکات..

لەسەر ئاستی ناوچەکە هەردوو لا داوایان کرد ئاگر بەسێکی هەمیشەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هە بێت و ململانێ بەکۆتا بێت، هەروەها بگەنە ئاگربەسێك کوە جێی رەزامەندی هەموو لایەنەکان و سەروەری هەمووانیش پارێزراو بێت تا هێوری و سەقامگیری بگەڕێتەوە ناوچەکە و دووپاتیشی کردەوە کە ئەوە بەشەڕ ئەنجام نادرێت بەڵکو بە وەستانی شەڕ و نەهێشتنی پەرەسەندن و گفتوگۆ کردن دەکرێت.